Helsinki

# زانیاری بۆ سەرپەرشتان لە بارەی خوێندنی وانەکانی فینلەندی وەکو زمانی دووەم (S2) لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا



# ناوەڕۆك


پێشەکی.......................................................................................................................................3

خوێندنی یارمەتیدەری گەشەپێدانی زمانزانی........................................................................................3

هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی
دووم و وێژە........................................................................................................................4

بەدواداچوونی خوێندن و بەهرەی زمان و گۆڕینی
بەرنامەی خوێندن..................................................................................................................5

بەرنامەی خوێندنی S2 لە پلانی خوێندندا...........................................................................................6

شێوازەکانی جێبەجێکردنی خوێندنی (S2) ..........................................................................................6

فرەزمانی لە قوتابخانەدا...................................................................................................................7

ڕۆڵی سەرپەرشتان لە هاوکاریکردنی زمانزانیندا..................................................................................8

بەباشی ڕاگرتنی زمانی خۆ................................................................................................................8

# پێشەکی

ئەم ڕێنمایە زانیاری دەدات بە سەرپەرشتانی قوتابیان لە بارەی خوێندنی وانەکانی زمانی فینلەندی وەکو زمانی دووم لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا.
بۆ نموونە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

- فینلەندی وەکو زمانی دووەم مانای چیە؟
- لەسەر چی بنەمایەك پێشنیاری بەشداریکردن لە خوێندنی وانەکانی S2 بۆ قوتابی دەکرێت؟
- خوێندنی S2 بەچی شێوەیەك لە قوتابخانەکاندا ڕێك خراوە؟
- سەرپەرشتان چۆن دەتوانن هاوکاریی گەشەکردنی زمانی منداڵەکانیان بکەن؟

هەمان ئەو ڕێوشوێنانەی کە کاریان پێ دەکرێت لەگەڵ زانیاریەکان بە ڕادەیەکی زۆر خوێندنەکانی سویدیش وەکو زمانی دووەم دەگرنەوە لە قوتابخانەکانی هێلسنکیدا، جیاوازیەکە تەنها ئەوەیە کە زمانی فێرکردنی خوێندنی S2 بە سویدیە.

## خوێندنی یارمەتیدەری گەشەپێدانی زمانزانی

لە قوتابخانە بنەڕەتیە زمان فینلەندیەکان و زمان سویدیەکانی هێلسنکی خوێندنێك پێشکەش دەکرێت کە تیایدا بەتایبەتی پێویستیەکانی قوتابیانی فرەزمانی و کۆچبەران لەچاو دەگیرێت. لەو جۆر خوێندنەدا بۆ نموونە خوێندنی ئامادەکاری، خوێندنی زمانی دایکیی خۆ و خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووەم، کە ئەم بەستە زانیاریە بەتایبەتی سەرنج دەخاتە سەری. هەروەها لە خوێندنی مادە جیاجیاکانی خوێندندا فێربوونی زمان باشتر دەکرێت بۆ نموونە بە زیادکردنی گۆگای وشەکان و ڕاهێنان کردن لەسەر بەهرە جیاجیاکانی نووسین.

### خوێندنی ئامادەکاری

ئەو خوێندکارانە ئاراستە دەکرێن بۆ خوێندنی ئامادەکاری کە بەهرەی زمانی فینلەندی/سویدیەکەیان کەمترە لە بەهرەی زمانی سەرەتایی (A1). ئەو کەسانە بۆ خوێندنەکە ئاراستە دەکرێن کە تازە هاتوون بۆ فینلەندا و لە کاتی پێویستدا لەسەر بنەمای بەهرەی زمان ئەو منداڵانەش کە لە فینلەندا لە دایك بوونە. فراوانیی خوێندنی ئامادەکاری بەرامبەر بە بەرنامەی یەك ساڵ خوێندنە. لەو ماوەیەدا زمانی فینلەندی و بەهرەکانی تری ژیانی قوتابخانە دەخوێنرێن. ئەگەر قوتابیەك ئامادەیی تێدا بێت دەتوانێت بەر لە تەواوبوونی ساڵی خوێندنیش بگوێزێتەوە بۆ فێرکاریەکانی پێش سەرەتایی یان بۆ خوێندنی قوتابخانەی بنەڕەتی.

### خوێندنی زمانی دایکی

خوێندنی زمانی دایکی خوێندنێکی پڕکەرەوەیە کە ئەو خوێندکارە دەتوانێت بیخوێنێت کە زمانی دایکیی خۆی زمانێکی ترە جیاواز لە فینلەندی یان سویدی. ئامانجی خوێندنی زمانی دایکی خۆیی بەهێزکردنی زانینی زمانە خۆییەکەیە بە شێوەیەك خوێندکار بتوانێت خوێندنی پێ بکات و بەشێوەیەکی هەمەلایەنەش بەکاری بهێنێت. شتێکی باشە ئەگەر سەرپەرشت لەگەڵ منداڵەکەی خۆیدا زمانە بەهێزەکەی خۆی بەکاربهێنێت و لە فێربوونی هەموو زمانەکاندا هانی منداڵەکەی بدات و یارمەتیی بدات.

### خوێندنی S2

بەرنامەی خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووەم و وێژە لەگەڵ بەرنامەی خوێندنی زمانی دایك و وێژە یەکە. ئەو خوێنکارانە بۆ ئەو خوێندنە ئاراستە دەکرێن کە بەهرەی زمانە فینلەندیەکەیان گەشەی کردووە بەڵام هێشتا بۆ ئەوە بەش ناکات کە خوێندکارەکە زمانی فینلەندی وەکو زمانی دایکی بخوێنێت. خوێندنی S2 بەشێوەیەك گەشە بە بەهرەی زمانی فینلەندیی خوێندکار دەدات کە بتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا بەشێوەیەکی یەکسان کار بکات و بخوێنێت. خوێندنی S2 هانی خوێندکار دەدات کە لە خوێندنی زمانی فینلەندی و وانەکانی تردا سوود لەو زمانانەی تر وەربگرێت کە دەیانزانێت.

لای خوارەوە گرینگترین ئەو زانیاریانەت دەست دەکەوێت کە تایبەتن بە بەرنامەی خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووەم و وێژە و ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە فرەزمانیەوە هەیە لە قوتابخانەدا.

## هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووم و وێژە

زمانی دایك و وێژە بۆ هەموو خوێندکارەکان مادەیەکی خوێندنی هاوبەشە. مادەکانی خوێندن بەرنامەی خوێندنی جیاوازیان هەیە. یەك لەوانە زمانی فینلەندی و وێژەیە (S1) و ئەوی تریان فینلەندی وەکو زمانی دووەم و وێژەیە ( S2). لە هێلسنکی بەرنامەی خوێندنی زمانی ئیشارەت و وێژەش دەخوێندرێت. خوێندکار بە گشتی یان بەرنامەی S1 دەخوێنێت و یانیش S2 .

## S2 بۆ کێیە؟

فینلەندی وەکو زمانی دووەم و وێژە (S2) بۆ ئەو خوێندکارەیە کە:

1) زمانی دایکیی زمانێکی جیاوازە لە فینلەندی یان سویدی یان سامیٚ یانیش بەشێوەیەکی تر پێشینەی فرەزمانیی هەیە و
2) بەهرەی زمانە فینلەندیەکەی بەش ناکات بۆ خوێندنی بەرنامەی زمانی فینلەندی و وێژە، یان
3) لە بەهرە زمانیەکەیدا بە ئاشکرا کەموکورتیی هەیە لە لایەنێکی زمانەوانیدا (لایەنەکان بریتین لە تێگەیشتن لە قسە، قسە کردن، نووسین و تێگەیشتن لە نووسراو).

ئەو مامۆستایانەی کە خوێندکاران فێر دەکەن پێکەوە بڕیار لەوە دەدەن کە ئایا پێشنیاری بەرنامەی فینلەندی وەکو زمانی دووەم بکەن یان نا. بەڵام بەهەر حال سەرپەرشتی منداڵ بڕیار لەسەر بەرنامەی خوێدنەکە دەدات.

## چی شتێك کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پێشنیارکردنی S2 و هەڵبژاردنی؟

ئەوەی کە کاریگەریی هەبێت بۆ سەر هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندن تەنها بەهرەی زمانی فینلەندیە بەگوێرەی ئەو بەهرەی زمانی فینلەندییەی کە هاوتەمەنەکانی ئەو کەسە لە ژیانی قوتابخانەدا پێویستیان دەبێت. هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندن کاریگەریی نابێت بۆ سەر بەشداریکردن لە خوێندنی زمانی دایکی خۆیی یان ئەو زمانەی کە لە سیستەمی زانیاریەکانی دانیشتواندا نووسراوە. ئەگەر تەنانەت زمانی دایکیی خوێندکارێك تۆمارکرابێت کە فینلەندیە، ئینجاش بۆی هەیە بۆ پێشنیاری بەرنامەی خوێندنی S2 ی بۆ بکرێت لەسەر بنەمای کەموکورتیی بەهرە زمانیەکەی. هەروەها بۆی هەیە لەسەر بنەمای ڕادەی پێویستی بەهرەی زمان بەرنامەی خوێندنی S1 پێشنیار بکرێت ئەگەر تەنانەت زمانی دایکیت زمانێکی تری جیاواز لە فینلەندیش تۆمارکرابێت.

چەند نموونەیەك لەسەر ئەوەی کە لە چی جۆرە حاڵەتێکدا بە گشتی پێشنیاری بەرنامەی خوێندنی S1 بۆ خوێندکار دەکرێت.

- کاتێك کە خوێندکار ناتوانێت لە بارودۆخەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەدا بە باشی قسە و لێکتێگەیشتن ئەنجام بدات.
- کاتێك کە خوێندکار بەلایەوە زەحمەت بێت بەدواچوونی فێرکاریەکانی وانە جیاجیاکانی خوێندن بکات و لە کار و چالاکیەکانی قوتابخانەدا بە زمانی فینلەندی بەشداری بکات.
- خوێندکارەکە لە بارودۆخەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەباشی بە فینلەندی قسە بکات بەڵام بەهرە زمانیەکەی هێشتا بەشی ئەوە نەکات کە لە نووسراوەکانی وانە جیاجیاکاندا تێ بگات یان نووسراو بەرهەم بهێنێت.
- هێشتا لە چاو ئاستی تەمەنی خۆیەوە بە ڕادەیەکی باش بە فینلەندی ناخوێنێتەوە یان نانووسێت تاکو بتوانێت سەربەخۆیانە بخوێنێت و لە کار و چالاکیەکانی قوتابخانەدا بەشداری بکات.

## خوێندکارەکە فینلەندیەکی باش دەزانێت، بۆچی هێشتا خوێندنی S2 ی بۆ پێشنیار دەکرێت؟

زۆر جار وەڵامەکە لە جیاوازیی بەهرەی زمانی کۆمونیکاتیڤ ( قسەکردن و لێکتێگەیشتن) و بەهرەی زمانی قوتابخانەیی ئەکادیمیانەدا دەبینرێتەوە. بەهرەی زمانی کۆمونیکاتیڤ قسەکەر لە پەیوەندییە بەرامبەرییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنێت، کە لەو کاتەدا قسەکەر بە گشتی لەسەر شتە بەرجەستەکان گفتوگۆ دەکات و ڕستەی ئاسانتر بەکاردەهێنێت. بەهرەی زمانی کۆمونیکاتیڤ دەکرێت لە ماوەی دوو ساڵدا کەسێك فێیری بێت.

چەندە خوێندنی قوتابخانە زیاتر بەرەوە پێشەوە بڕوات، لەوە زیاتر پێویست بە کۆنترۆڵکردنێکی بەهێزتری زمانی بەکارهێنراوی ناو مادەکانی خوێندن و بارودۆخە جیاجیاکانی بەکارهێنانی زمان دەبێت. لە پۆلەکانی سەرووتردا پێویست بەو زمانە دەکات کە بڕێکی زۆر لە دەربڕینە کۆنکرێتیەکان و بەهرەکانی نووسین و ئەو چەمك و جۆری نووسراوانە لە خۆ دەگرێت کە پەیوەندییان هەیە بە مادە جیاجاکانی خوێندنەوە. بەدەستهینانی بەهرەی زمانی ئەکادیمی بەگشتی لە پێنج ساڵەوە هەتا حەوت ساڵ دەخایەنێت.

## سەرپەرشت لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە دراون بڕیاری هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندن دەدات.

سەرپەرشت و مامۆستا لە هەڵبژاردنی بەرنامەی ( S2 یان S1)ی خوێندنی زمانی دایکی و وێژەدا بەشداری دەکەن. مامۆستایان باشترین بەرنامەی خوێندن کە یارمەتیدەر بێت بۆ فێربوونی خوێندکار دیاری دەکەن و بۆ سەرپەرشتەکانی پێشنیاری دەکەن. بەڵام بەهەر حال سەرپەرشت بڕیارەکە دەدات. بنەما بۆ دیاریکردنی بەرنامەی خوێندن بریتیە لە بەهرە زمانیەکانی خوێندکارەکە و مەرجە زمانەوانیەکانی خوێندنی گروپی تەمەنەکەی. شارەزایی خوێندکارەکە لە هەموو لایەنەکانی بەهرە زمانەوانیەکەیدا دەپشکنرێت.

هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندن درێژخایەنە، بەڵام لە کاتی گەشەکردنی بەهرەکان بە ڕادەیەکی پێویست دەکرێت و باشتریش وایە کە بەرنامەی خوێندنی S2 بگۆڕدرێت بۆ بەرنامەی خوێندنی S1 . لەو کاتەدا دەبێت لایەنە جیاجاکانی بەهرەی زمانی خوێندکارەکە دووبارە بپشکنرێتەوە. مامۆستاکان باسی ئەوە بۆ سەرپەرشتان دەکەن کە ئامانجەکانی بەرنامەی خوێندنی S2 چین و بە چی شێوەیەك فێرکاریەکە جێبەجێ دەکرێت و لەبەر چی ئەوە بۆ خوێندکارەکە سوودبەخشە.

خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووەم بریتی نیە لە وانەی زیادەی بەهێزکەر. ژمارەی وانەکان بۆ بەرنامەی خوێندنی S1 ئەوەندەیە کە بۆ S2 یش دیاریکراوە. ئەو خوێندکارەی کە بەرنامەی خوێندنی S2 دەخوێنێت هەر وەکو خوێندکاری S1 دەکرێت لە دوای تەواوبوونی ڕۆژی قوتابخانەدا لە بابەتە جیا جیاکاندا وانەی زیادەی پێ بدرێت ئەگەر پێویستیی پێ بێت. مامۆستا بە ڕێگای وانەی زیادەوە یارمەتیی خوێندکار دەدات بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی پلانی خوێندنەکە.

## بەرنامەی خوێندنی S2 و درێژەی خوێندنەکان.

لە خوێندنە پیشەییەکان و دواناوەندیەکاندا دەرفەتی خوێندنی وانەکانی فینلەندی وەکو زمانی دووەمیش هەیە. ئەگەر بەهرەی زمانی خوێندکار هێشتا بەشی خوێندنە پیشەییەکان یان بەشداریکردن لە خوێندنی دواناوەندی (ئامادەیی) نەکات، خوێندکار دەتوانێت بڕوات بۆ خوێندنی ئامادەسازی بۆ درێژەی خوێندنەکان ( TUVA، لە پایزی ٢٠٢٢ بەدواوە)، کە ئامانج لەوەدا بەهێزکردنی بەهرەی زمان و بەهرەکانی تری خوێندنە. لە دوای کۆتاییهاتنی خوێندنەکانی دواناوەندی دەرفەتی ئەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە فینلەندی وەکو زمانی دووەم بکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی فێرکردن ئامۆژگاری دەکات کە لە زانکۆکاندا بۆ ئەو خوێندکارانەی کە داوای وەرگیران لە خوێندنی زانکۆ دەکەن، خوێندنەکانی S2 و S1 بە یەکسانی تەماشا بکرێن. ئامانج ئەوەیە کە، بەپێی ئەوە جیاوازی نەکرێت کە خوێندکار لە کام بەرنامەی خوێندندا بەشداریی کردووە. ڕێساکانی خاڵبەندیی زانکۆکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەبەر ئەوە باشتر وایە پرسیاری بارودۆخی تازەتر بکەیت، بۆ نموونە لە ڕێنماییدەری خوێندن.

## بەدواداچوونی خوێندن و بەهرەی زمان و گۆڕینی بەرنامەی خۆێندن

گرینگە کاتێك کە خوێندکار تازە دەست دەکات بە خوێندنی قوتابخانە یان پۆلی خوێندنەکەی یان قوتابخانەکەی دەگۆڕێت، ئەو زانیاریانەی لەبارەی گەشەکردنی بەهرەی زمانی کۆبوونەتەوە بگوێزرێنەوە بۆ مامۆستا تازەکان. کاتێك کە مامۆستا یەکسەر زانیاریی ئاستی بەهرەی زمان و لایەنە بەهێزەکانی و ئەگەری پێویستیی بۆ یارمەتیی خوێندکار وەردەگرێت، دەتوانێت پلانی باشترین شێوەی گونجاوی خوێندن بۆ خوێندکارەکە دابنێت. زۆر گرینگە کە بە گواستنەوەی زانیاریەکان لە خوێندندا دڵنایی بکرێت لە بەردەوامبوونی گەشەکردنی بەهرەی زمانی خوێندکار بەبێ دابڕان.

مامۆستای S2 و مامۆستای پۆل یان چاودێری پۆل خۆیان بە بەڵگەنامەکانی خوێندکارە تازەکەیان ئاشنا دەکەن بۆ نموونە بۆ هەڵسەنگاننی بەهرەی زمان کە لە پلانی خوێندندا نووسراوە یان لە کاتی پێویستدا نەخشەگەریی بەهرەی زمانی خوێندکارەکە دەکەن. هەروەها ئەوان بەدواداچوون دەکەن بۆ گەشەکردنی بەهرەی زمانی خوێندکارەکەش لە کاتی خوێندنی بنچینەییدا. هەروەها لە سەر بنەمای گەشەکردنی لایەنە جیاجیاکانی بەهرەی زمان، وردبینی دەکرێت بۆ گونجانی بەرنامەی خوێندنی زمانی دایکی و وێژەی خوێندکارەکە ( S1 یان S2) و لە کاتی پێویستدا دەیگۆڕن.

ئەگەر مامۆستاکان لەسەر بنەمای تێبینیەکانیان بڕیاری پێشنیارکردنی گۆڕینی بەرنامەی خوێندن بدەن، لەو بارەیەوە لەگەڵ سەرپەرشتانی خوێندکارەکە گفتوگۆ دەکەن. سەرپەرشت ئەگەر بۆ گۆڕینی بەرنامەی خوێندنەکە هاوڕا بێت، بۆ ئەو مەبەستە فۆڕمێك واژۆ دەکات. سەرپەرشت دەتوانێت داوای هۆ بکات کە لەبەر چی بەرنامەیەکی خوێندن بۆ منداڵەکەی پێشنیار کراوە. هەروەها سەرپەرشت دەتوانێت داوای ئەوە بکات کە مامۆستاکان وردبینی لە گونجانی بەرنامەی خوێندنەکە بکەن و ڕای خۆیان لەسەر ئەوە بڵێن کە ئایا گۆڕینی بەرنامەی خوێندنەکە شتێکی باشە.

بەڵام بەهەر حاڵ گۆڕینی بەرنامەی خوێندن لە کاتی خوێندنی بنچینەییدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت و لە پۆلی نۆ بەدواوە ئیتر ناکرێت. هەڵبژاردنی بەرنامەی خوێندن لە بنەچەکدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەبێت، بۆ ئەوەی بەردەوامبوونی گەشەکردنی بەهرەی زمان بە بێ کێشە بمێنێتەوە. هەڵسەنگاندنی وانەی زمانی دایك و وێژە لەسەر بنەمای ئامانجی ئەو بەرنامەیە دەبێت کە خوێندکارەکە خوێندوویەتی.

دەتوانرێت لە قوتابخانەدا خوێندنی بەرنامەی S2 ی خوێندکار بە شێوازی جیاجیا بەگوێرەی قۆناخی گەشەکردنی بەهرەی زمانەکەی و ئەو یارمەتییە زمانەوانیەی کە پێویستی پێیەتی ڕێك بخرێت. ئەو خوێندکارەی کە بەرنامەی S2 دەخوێنێت دەتوانێت بۆ نموونە لە هەمان گرووپدا لەگەڵ خوێندکارەکانی S1 کەمتر یان زیاتر بخوێنێت. ئەو ڕێوشوێنانەی کە قوتابخانەکان بۆ فێرکاری بەکاری دەهێنن جیاوازیان دەبێت. لای خوارەوە وێنای ئەوە کراوە کە ئەو شێوازە جیاجیایانە چین کە بە گشتی خوێندنی S2 یان پێ جێبەجێ دەکرێت.

## بەرنامەی خوێندنی S2 لە پلانی خوێندندا

ئامانجەکانی بەرنامەی خوێندنی فینلەندی وەکو زمانی دووەم و وێژە لە پلانی فێرکردندا هەندێکیان لەگەڵ بەرنامەی خوێندنی زمانی فینلەندی و وێژە وەکو یەکن یانیش هەمان ئاراستەیان هەیە. بەڵام بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بەرنامەی خوێندنی S2 دەخوێنن مەرج نیە بەو شێوەیەی خوێندکارەکانی S1 هەمان ئەو بەهرانەیان هەبێت.

ئەرکی تایبەتی بەرنامەی خوێندنی S2 گەشەپێدانی بەهرەی زمانی خوێندکارە بە لەچاوگرتنی ئاستی بەهرەی زمانی خوێندکار و پاڵپشتیکردنی کەسایەتیی فرەزمانی و شارەزایی. ئامانج یارمەتیدانی خوێندکارە بۆ بەدەستهێنانی بڕی پێویستی بەهرەی زمان لە پێناو خوێندنی بابەتە جیاجیاکانی خوێندن و درێژەی خوێندنەکان (خوێندنی پیشەیی، دواناوەندی، زانکۆ). خوێندنەکە کەرەسەی گەشەپێدانی بەهرەی زمان دەدات بە خوێندکار بە بەردەوامی لە کاتەکانی درەنگتریش لە ژیانیدا.

لە خوێندنی S2 دا وێنەی پۆزەتیڤی خوێندکار لە سەر خۆی بەهێز دەکرێت وەکو گەیەنەری پەیامی خۆی و یارمەتی دەدرێت بۆ درك کردن بە لایەنە بەهێزەکانی خۆی هەروەها بۆ ئەوەی ئازایانە زمانەکە بەکاربهێنێت. لە خوێندنی S2 دا نووسراوەکان بەگوێرەی بەهرەی زمانی خوێندکارەکە هەڵدەبژێردرێن. لە وانەکانی S2 دا بەشێوەیەکی سیستەماتیك کۆگای وشەکان گەورە دەکرێنەوە و لەبارەی مانا و جیاوازیی وشەکان و دەربڕینەکانەوە گفتوگۆ دەکرێت و بەشێوازی جیاجیاش بەراوردی شێوازەکانی دەربڕین دەکرێت.

بابەتەکانی خوێندنی S2 بۆ نموونە بریتین لە نووسراوەکانی مادە جیاجیاکانی خوێندن و نووسراوای میدیاکان، ژیانی تایبەتی کەسێتی، ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانە و هەڵسوکەوت کردن لە کۆمەڵگەدا. بەو شێوەیە بەکارهێنانی زمانی فینلەندی لە دەرەوەی قوتابخانەشدا فراوان دەبێتەوە. خوێندکار ئاراستە دەکرێت بۆ دەربڕینی ڕا و بۆچوونەکان و هەستەکانی خۆی بەو شێوەیەی کە لەگەڵ بارودۆخەکە دەگونجێت هەروەها نووسراوی جیاجیا بخوێنێتەوە، وەکو کتێبەکان.

## شێوازەکانی جێبەجێکردنی خوێندنی (S2)

مامۆستایانی S2 و مامۆستاکانی تر لە نێوان خۆیاندا، لە فێرکردنی مادەی خوێندنی زمانی دایك و وێژەی بەرنامە جیاجیاکانی خوێندندا هاوکاری دەکەن. خوێندنی S2 بە گشتی لە هەمان کاتدا لەگەڵ خوێندنی S1 ڕێك دەخرێت، واتە لە کاتی وانەکانی زمانی دایك و وێژەدا. خوێندکارەکانی هەر دوو بەرنامەی خوێندنەکە دەتوانن پێکەوە بخوێنن.

ئەگەر فێرکاریەکە یەك مامۆستا ئەنجامی بدات، ئەو خۆی بیر لە فێرکاریەکە و مادەکانی فێرکاری و ئەرکەکان و هەڵسەنگاندن دەکاتەوە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئامانجەکانی بەرنامەی خوێندنی S1 و S2 و ئاستی بەهرەی زمانی خوێندکارەکان. هەندێك جاریش دەکرێت دوو مامۆستا، بۆ نموونە مامۆستای پۆل و مامۆستای S2 لە یەك کاتدا لە پۆلێکدا وانە بڵێنەوە. لەو کاتەدا مامۆستای S2 بەپێی بەرنامەی خوێندنی S2 بەرپرسیارێتیی زیاتر لە ئەستۆ دەگرێت.

هەندێك جاریش پێویست دەکات کە مامۆستای S2 وانەی بەشێکی خوێندنی S2 لە گرووپی جیاوازدا بڵێتەوە، لەو کاتانەدا کە دەکرێت فێرکاریەکە بە تایبەتی ئاراستەی ئەو لایەنانەی بەهرەی زمان بکرێت کە خوێندکارەکە پێویستی پێیەتی. بە گوێدانە ئەوەی کە خوێندکار لە چی گروپێکی خوێندندا وانەکانی بەرنامەی خوێندنی S2ی پێ دراوە، شارەزاییەکانی و پێشکەوتنەکانی بەگوێرەی ئامانجەکانی پلانی خوێندنی بەرنامەی خوێندنی S2 هەڵدەسەنگێنرێت. هەڵسەنگاندنەکە لەلایەن خوێندکار و ئەو مامۆستانەی کە فێریان کردووە ئەنجام دەدرێت.

لای خوارەوە لیستەیەك نموونە هەیە كە بەچی شێوەیەك خوێندنی S2 لە قوتابخانەدا جێبەجێ دەكرێت. خوێندكار بە درێژایی ڕێچكەی قوتابخانەی خۆی بە شێوازی جیاجیا لەو خوێندنەدا بەشداری دەكات كە لەسەر بنەمای پێویستیەكانی خۆی بۆ فێربوون جێبەجێ كراوە.

١- **خوێندنی جیاواز كراو لە وانەكانی زمانی دایك و وێژەدا**

یەك ماموستا لە كاتی هەمان وانەدا بەپێی ئامانجەكان وانەی S1 و S2 دەداتەوە. خوێندكار ئەو جۆرە بابەتی فێربوون و ئەركانەی پێ دەدرێت كە لەگەڵ ئاستی خۆیدا گونجاون.

٢- **فێركاریی هاوكاتی**

ماموستای S2 و ماموستای پۆل/ ماموستای S1، لە یەك كاتدا وانە بە تەواوی گرووپەكە دەدەنەوە و لە فێركاریەكەدا بەرنامەكانی خوێندنی S2 و S1 ئاستە جیاوازەكانی بەهرەی خوێندكارەكان لە چاو دەگرن.

٣- **بەشێكی لە گرووپی جیاوازدا**

خوێندكار بەشێك لە وانەكانی بە شێوازی فێركاریی جیاكراوە لە وانەكانی زمانی دایكی و وێژەی بەرنامە هاوبەشەكانی خوێندندا پێ دەدرێت و بەشێكیشی لە گروپی جیاوازیS2 دا. لە وانە هاوبەشەكاندا یەك ماموستا بەرنامەی خوێندنی خوێندكارەكان لەچاو دەگرێت.

٤- **گرووپی S2 ی جیاواز**

ئەو خوێندكارانەی كە بەرنامەی خوێندنی S2دەخوێنن، لە گرووپەكەی خۆیاندا وانەی تایبەت بە خۆیان پێ دەدرێت لە كاتی یەك خول یان ساڵێكی خوێندندا.

5- **فێركاریی هاوكاتی مادە جیاوازەكانی خوێندن كە لە ڕووی زمانەوانیەوە پاڵپشتی كراوە**

لە وانەكانی مادە جیاجیاكانی خوێندندا دەكرێت ماموستای پۆلیش/ یان ماموستای مادەیەكیش لە وانەدانەوەدا بەشداری بكات.
ماموستای S2 لەو كاتەدا ئامانجەكانی فێركاری بریتی دەبن لە ئامانجەكانی بەرنامەی خوێندنی S2 و ئامانجەكانی ئەو مادەیەی كە دەخوێنرێت، بۆ نموونە بەهرەكانی نووسینی ئەو مادەی خوێندنە.

# فرەزمانی لە قوتابخانەدا

بەپێی یاسای فێركاریی بنچینەیی. ئەو زمانەی كە لە فێركاریی بنچینەییدا بەكاردەهێنرێت فینلەندیە، یان (لە فێركاریی زمان فینلەندیدا) سویدیە. كۆنترۆڵكردنی بەهێزی زمانی فینلەندی یان سویدی لە هەموو ڕووەكانی فێربوونەوە ئامانجێكی گرینگە. لە فێركاریەكەدا دەكرێت سوود لە زمانەكانی تریش وەربگیرێت. كاتێك كە خوێندكار لە ماڵەوە دەبێت یان لە قوتابخانە دەبێت هەروەها لە كاتی دەستبەتاڵیدا ئەو زمانەی كە دەیزانێت بەكاری دەهێنێت و بە شێوازی هەمەلایەنە گەشەی پێ دەدات، ئەوە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ فێربوونی زمانەكان و مادەكانی تری خوێندن.

خوێندكارە فرەزمانیەكان دەتوانن ئەو زمانانەی كە دەیزانن وەكو یارمەتیدەر بۆ فێربوونی خۆیان لە قوتابخانەدا بەكاریان بهێنن. خوێندكاران لە وانەكانی مادە جیاجیاكانی خوێندندا بواری ئەوەیان هەیە لە فەرهەنگی زمان (قاموس)دا بەو زمانەی كە خۆیان دەیزانن بەدوای زانیاری و چەمكە سەرەكیەكانی مادەی خوێندنەكەیان بگەڕێن یانیش بە زمانێكی تری جیاواز لە فینلەندی قسە و باس لەسەر بابەتی وانەكە بكەن. هەروەها سەرپەرشتانیش دەتوانن لە ماڵەوە لە كاتی گفتوگۆكردن لەسەر مادە جیاجیاكانی خوێندن لەگەڵ منداڵەكانیاندا ئەو زمانە بەكاربهێنن كە قسەی پێ دەكرێت.

بەهرەی قسەكردن و لێكتێگەیشتن بەشێوەیەكی ڕەوان بە دوو زمان یان زیاتر لە باردۆخە جیاجیاكانا پێی دەوترێ فرەزمانیی كردەوەیی. لە فرەزمانیی كردەوەییدا زمانە جیاجیاكانی خوێندكار هیچیان بە تەنها بەتەواوی كار ناكات بە شێوەیەك كە زمانێكیان زمانی ماڵەوە بێت و زمانەكەی تر زمانی قوتابخانە و كۆمەڵگە بێت، بەڵكو هەر یەك لەو زمانانە دەكرێت لە باردۆخی جیاوازدا بە تێكەڵاوی بەكاربهێنرێن. ئامانج لە فێركاریەكە بەهێزكردنی فرەزمانیی كردەوەیی خوێندكارەكانە.

ئاشنا بوون بە زمانە جیاجیاكان و بەراوردكردنیان گەشە دەدات بە توانای ناسینەوە و فێربوونی ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە فێربوونی زمانەوە هەیە. بەهەمان شێوە ئاشنابوون بە بژاردە جیاجیاكانی زمان. بە قسەكردن لەبارەی زمان و جۆرەكانیەوە لە یەك ئاستدا ئەگەری بەدگومانی بەرامبەر بە زمانە جیاجیاكان و/ یان جۆرەكانی زمانەكان ئەو كەسانەی بەو زمانانە قسە دەكەن (بۆ نموونە ئینگلیزیی بەریتانی یان ئینگلیزیی ئەمەریكی یان شێوازە جیاجیاكانی زمانی دایكیی خۆیی) پووچەڵ دەكرێتەوە.

گرینگە كە خوێندكار بەبەردەوامی گەشە بدات بە زمانی فینلەندی و ئەو زمانانەی تر كە لە ماڵەوە و لە كاتی دەستبەتاڵیدا بەكاری دەهێنێت هەروەها بە بەهرە زمانیەكانی. بەشداریكردن لە خوێندنی زمانی دایكیی خۆیی زۆر گرینگە. بەكارهێنانی زمان تەنها لە ماڵەوە زۆر جار بەشی ئەوە ناكات كە بەهرەی زمانی خوێندكار بەشێوەیەكی فرەلایەنە گەشە بكات. كاتێك كە خوێندكار ئەو زمانانە دەخوێنێت كە نایانزنێت، فێربوونی باوەڕكردنی بە تواناكانی خۆی بەهێز دەبێت.

# ڕۆڵی سەرپەرشتان لە هاوکاریکردنی زمانزانیندا

## بەباشی ڕاگرتنی زمانی خۆ

گەشەکردنی زمانی دایکیی خۆیی و باش ڕاگرتنی بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی سەرشانی سەرپەرشتانە. لەو خێزانانەدا کە سەرپەرشتەکان زمانی جیاوازیان هەیە، هەر یەك لە سەرپەرشتەکان دەتوانن زمانی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن.

هەڵە نیشاندان یان زۆر لێکردن بۆ قسەکردن بە زمانێك یارمەتیی گەشەکردنی زمانەوانی نادات بەتایبەتیش بۆ منداڵانی بچووك، چونکە ئەوان هێشتا توانای ناسینەوەی بەکارهێنانی زمانی تایبەتی خۆیان نیە بەهەمان شێوە. ئەوە بەسە کە کەسی گەورەتەمەن قسەکانی منداڵ بە شێوە ڕاستەکەی دووبارە بکاتەوە و بە شێوەیەکی سیستەماتیك بە زمانەکەی خۆی قسە بکات.

لە ڕووی گەشەکردنی زمانەکانەوە ئەوە گرینگیەکی زۆری نیە کە بەچی زمانێك بۆ نموونە منداڵ فێری خوێندنەوە دەبێت. گرینگترین شت ئەوەیە کە بەهرەکە فێر ببێت و ڕاهێنانی لەسەر بکرێت. بۆ منداڵ شتێکی باشە بووژێنەری جۆراوجۆری پێشکەش بکرێت (کتێب، مۆسیقا، ڤیدیۆ ، چالاکی) بە زمانی خۆی. ئەگەر بابەتەکان دەست نەکەوتن، دەکرێت شان بەشانی ئەوانە بابەتی زمانی تر بەکاربهێنرێت (بۆ نموونە بابەتی زمان فینلەندی). بەو شێوەیە دەرفەت ئەوەش بە منداڵ دەدرێت کە بەراورد بکات و زمانە جیاجیاکان بناسێت. شتێکی ئاساییە کە لە خێزانە فرەزمانیەکاندا لە یەك کاتدا زمانی جیاجیا دەبیسترێت.

ئەگەر هەوڵ نەدرێت بۆ گەشەپێدانی ئەو زمانەی کە لە ماڵەوە بەکاردەهێنرێت، بۆی هەیە بەهرەی زمانەکە بەرتەسکەوە بێت. بەشداریکردن لە خوێندنی زمانی دایکیی خۆیی دەرفەتێکی گرینگە بۆ گەشەپێدانی کۆگای وشەکان و دەربڕینەکان و بەهرە زمانیەکان بەشێوەیەکی فرەلایەنە.

**چەند ئامۆژگاریەك بۆ پاڵپشتیکردنی زمانی دایکیی خۆ**

- ئەگەر دەکرێت، منداڵەکەت ناونووس بکە بۆ خوێندنی زمانی دایکیی خۆی.
- سوود لەو بابەتانە وەربگرە کە لە کتێبخانەی Helmet ی کتبخانەی فرەزمانی دەست دەکەون.
- لەگەڵ منداڵەکەتاندا تەماشای بەرنامە بکەن و پێکەوە قسەی لەسەر بکەن، چی تیایاندا ڕوو دەدات لە کاتی تەماشاکردنیان و دواتریش.
- بە زمانی دایکیی خۆت یاری بکە، گۆرانی بڵێ و هەڵبەست بڵێ. بەتایبەتی یاریکردن بە زمان و نوکتەی جۆراوجۆر و یاریکردن بە وشە گەشە بە زمان دەدەن.
- بە زمانی خۆت گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکە کە منداڵەکە چی کردووە کاتێك کە لە شوێنێکی تردا بووە. بەتایبەتی شتێکی باشە ئەگەر لە بارەی قوتابخانەوە گفتوگۆ بکرێت، بۆ ئەوەی منداڵە بە زمانی خۆیشی فێری ئەو وشانە بێت کە پەیوەندییان بە ژیانی قوتابخانەوە هەیە.
- هەوڵ بدە خێزان یان کەسانی هاوزمان بدۆزیتەوە و پێکەوە چالاکی ڕێك بخەن، بۆ نموونە چاوپێکەوتن لە کتێبخانەدا. شارەوانیی هێلسنکی چەندین شوێن هەیە کە بەخۆڕایی پێشکەشی دەکات کە دەکرێت لە سایتی ئینتەرنێتی Varaamo لەو جۆرە شوێنانە بگرێت.
- لەم کاتانەدا دەرفەتی ئەوە هەیە کە خوێندنی ئۆنلاین بۆ منداڵان ڕێك بخرێت، هەندێك لە وڵاتان فێرکردنی زمان بەخۆڕایی پێشکەش دەکەن. سۆراخ بکە بزانە شتی لەو بابەتە دەست دەکەوێت.
- هەوڵ بدە خولیا بدۆزیتەوە بە زمانی خۆت. لە ناو خەڵکانی هەمان زماندا دەکرێت کەسێك بدۆزرێتەوە کە مامۆستای یان ڕێنماییدەری یان ڕاهێنەری خولیایەك بێت.
- ئەوە پێشانی منداڵەکەت بدە بۆ نموونە کە فرەزمانی دەوڵەمەندیە، کە دەکرێت بە چەندین شێوازی جیاجیا سوودی لێ وەربگیرێت.

## پاڵپشتیکردنی بەهرەی زمانی فینلەندی.

سەرپەرشت دەتوانێت لە فێربوونی زمانی فینلەندیدا پاڵپشتیی منداڵەکەی بکات و هانی بدات بەبێ گوێدانە ئەوەی کە خۆی چەندێك زمانی فینلەندی دەزانێت. سەرپەرشتان دەتوانن بە پێشاندانی ئارەزوو و گرینگیدان بە وانەکانی زمانی فینلەندی و خوێندن بە زمانی فینلەندی گرینگیی بابەتەکە دەربڕن. هەروەها سەرپەرشتان دەتوانن منداڵەکانیان لە کاتی دەستبەتاڵیدا بەلای ئەو چالاکیانەدا بەرن کە دەبنە مایەی گەشەکردنی زمانە فینلەندیەکەیان. لەم بەشەدا چەند ئامۆژگاریەك بۆ ئەو مەبەستە هەیە.

ئەوە شتێکی ئێجگار گرینگە کە سەرپەرشت بە نموونەی خۆی ئەوە پێشانی منداڵ بدات کە پێویست دەکات زمانێکی تازە ئازایانە گەشەی پێ بدرێت و بەکاربهێنرێت، چونکە زمان تەنها بە بەکارهێنانی بەهێز دەبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە، کاتێك کە زمانێك دەخوێندرێت، پێویست دەکات لە بارودۆخە جیاجیاکاندا ڕاهێنانی بکرێت نەك چاوەڕوان بکرێت هەتاکو زمانەکە "بە ڕادەیەکی گونجاو باش بێت ئینجا قسەی پێ بکرێت".

پێویست دەکات منداڵ هان بدرێت بۆ خوێندنەوە بە زمانی فینلەندی. خوێندنەوە بەشێوەیەکی بەهێز گەشە بە بەهرەی زمان دەدات و خوێندنەوەی پاراویش لە فێربوونەکاندا شتێکی سەرەکیە. ئەگەر سەرپەرشتان سەبارەت بە گەشەکردنی بەهرەکانی زمانی فینلەندیی منداڵەکەیان نیگەرانیان هەبێت، چاکتر وایە پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکەن و داوای ڕێنمایی بکەن.

لە ڕووی راهێنانی زمانی فینلەندیەوە ئەوە باشە کە منداڵ هاوڕێی وای هەبێت کە زمانە هاوبەشەکەی نێوانیان فینلەندی بێت. مەرج نیە هاوڕێکەی بە بنەچەك زمان فینلەندی بێت. هەروەها دەکرێت لە خولیا بە کۆمەڵەکانی فینلەندی زمانەکانیشدا (وەرزش، خوێندنەوە، موزیك، گەشتی پشکنین و هتد.) لە فێربوونی زمانی فینلەندیدا سوود وەربگیرێت.

**هەروەها دەرفەتێکی زۆری خولیای بەخۆڕاییش هەیە**

- دەتوانیت لە سایتی گەڕان بەدوای خولیاکندا Harrastushaku خولیای جۆراوجۆر بدۆزیتەوە. لەم شوێنەدا خولیای زۆری بێ پارەش (بەخۆڕایی) دەست دەکەوێت. هەندێك لە ڕێکخراوەکان، بۆ نموونە (Pelastakaa lapset) خولیا پێشکەش دەکەن.
- لە سایتی ئینتەرنێتی چالاکیی خولیادا لیستی سەنتەرەکانی گەنجانی شارەوانیی هێلسنکی و شوێنەکانی چالاکیە جیاجیاکان دانراوە. لە شوێنەکانی سەنتەرەکانی گەنجاندا دەرفەتی خولیاکردن یان کات بەسەربردن هەیە لەگەڵ منداڵان و گەنجانی تر لە ژینگەیەکی بێ مەترسیدا.
- باخچەکانی یاریکردن چالاکیی جۆراوجۆری هاوینە بۆ منداڵانی تەمەن خوار ١٦ ساڵان ڕێك دەخەن و نانی نیوەڕۆی بەخۆڕاییان دەدەنێ.
- خێوەتگا هاوینەکان ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی هاوبەشی ئەو ڕێکخراوانەیە کە لە فینلەندا چالاکیی هاوینە بۆ منداڵان و گەنجان ڕێك دەخەن.
- دەکرێت خۆت یان لەگەڵ منداڵەکەتدا وەکو خۆبەخش کار و چالاکی بکەن.
- یانەکانی وەرزشی بەخۆڕایی بۆ تەمەنە جیاجیاکان (Easysport).

**دەکرێت بە ڕێگای تەلەفیزیۆنیشەوە (هەروەها بە ڕێگای ئینتەرنێتشەوە) بە شێوەی کەیفخۆشانە راهێنانی زمان بکرێت.**

- لە کۆبەندی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی Yle Areena دا بەرنامەکانی (Lasten areena, Pikku Kakkonen, Yle Galaxi).
- لە تەماشاکردنی بەرنامەکان و فیلمەکانی Yle دا تێکستەکان بەکاربهێنە.
- منداڵان دەتوانن بە ڕێگای (TikTok و Instagram و YouTube و blogit) ی فینلەندی ئاشنای بەکارهێنانی فرەلایەنەی زمانی فینلەندی و زمانەکانی تریش بن.
- دەتوانرێت لە سەر سەکۆکانی یاریە ئۆنلاینەکانی نێوان برادەران زمانی فینلەندی بەکاربهێنرێت.

**کتێبخانەکان و وێژە:**

- دەکرێت بەکارهێنانی کتێبە زمان ساکارەکان یارمەتیدەر بێت بۆ فێربوونی هەمموو ئەو کەسانەی کە فێری زمان دەبن، چونکە زمانی ئەو کتێبانە ئاسانترن. هەروەها باشترە شانە بەشانی ئەوانە ئەدەبیاتی تریش بخوێنرێتەوە. دەکرێت هەمان کتێب بە زمانی خۆیی و بە زمانی فینلەندیش بخوێنرێتەوە.
- هەروەها کتێبخانەکان چەندین چالاکیی هاوینەی جۆراوجۆریش پێشکەش دەکەن.
- زنجیرە کتێبە جیاجیاکان (بۆ نموونە زنجیرە کتێبی فینلەندی وەکو زمانێکی بیانی) هاندەرن بۆ خوێندنەوە.

بابەتەکانی فێربوون لە ئینتەرنێتدا بۆ پاڵپشتیکردن لە فێربوونی زمانی فینلەندی

**ئەو راهێنانانەی کە لە ئاستی سەرەتایی و بنچینەییدان و بۆ منداڵان و گەنجان گونجاون**

- ماڵپەڕی ئینترنێتی Puhutaan
- Papumarket
- Tähtijengi - kielen supersankarit (ئەو بابەتانەی کە دەتوانرێت لەسەر کاغەز رابکێشرێن)

**ئەو راهێنانانەی کە لە ئاستی سەرەتایی و بنچینەییدان و بۆ گەنجان گەورەتەمەنەکان گونجاون**

- سایتی ئینتەرنێتی suomitaskussa.eu
- سایتی Osaan suomea
- سایتی Supisuomea
- Yle ی asiointisuomea
- سایتی Ymmärrä suomea
- راهێنانەکانی YKI-testi
- کۆرسەکانی ئینتەرنێتی کتێبخانە بە کارتی کتێبخانە.
- بابەتەکانی فێربوونی فینلەندیی کردەوەیی بە تەماشاکردن هەروەها بە گوێگرتن.
- گوێگرتن لە کتێبەکانی Suomenmestari (پێویستیی بە خۆ تۆمارکدن هەیە).
- Moninet
- Finnish Phrases

Helsinki